NED DENG

# یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان



## ڕاپۆرتێک لەبارەی:

# مامەڵەی حکومەت لەگەڵ پرسی مافەکانی منالّان لە گەرمیان

کانونی دووەمی 2025

## پێشەکی:

مافەکانی منداڵان، لە بوارە هەرە گرنگەکانی مافەکانی مرۆڤن، بەوپێیەی منداڵان سەرمایەی مرۆیی داهاتوی هەمو کۆمەڵگەیەکن. بۆیە یەکەکەمان بە باشی زانی راپۆرتی ئەمجارەی تەرخان بکات بە شیکاری دۆخی مافەکانی منداڵان لەگەرمیان و مامەڵەی حکومەت لەگەڵی دا.

بەوهۆیەی مافەکانی منداڵان زۆر فراوانن، بۆیە پێمان نەکرا هەمو بوار و لایەنێکی روماڵ بکەین، بەڵکو تەنها چوار بوارمان دەستنیشان کردوە کە ئەوانیش: لایەنی ماف و یاسا، لایەنی پەروەردە، لایەنی توندوتیژی و لایەنی کارکردنی منداڵان.

## بەشی یەکەم: راپۆرت

### یەکەم: دۆخی منداڵانی گەرمیان لەڕوی مافەوە

#### ١. دۆخی مافی منداڵان لە گەرمیان چۆنە؟

بە وتەی ئاگادار و شارەزایان، دۆخی مافەکانی منداڵان چ لەناو خێزان و چ لە دەرەوە و قوتابخانەشدا، باش نییە.
تایبەت بە ناوەندەکانی خوێندن، بەڕێز عەباس، مامۆستا و شارەزا لە بواری پەروەردە، دەڵێت: منداڵ بەشێوەیەکی گشتی لە ناوەندەکانی خوێندن هەست بەو ئارامی و ئاسودەییە ناکات کە خۆی ئەیەوێت، چ لە روی بیناوە چ لە روی پێداویستیەوە چ لە روی دۆخی دەرونیەوە چ لە روی رەخساندنی ژینگەیەکی لە بارەوە.
هاوکات، نیگار رەشید، مامۆستا لە قەزای کەلار، باسی لەوەکرد: دۆخی منداڵ لە سلکی پەروەردەدا خراپە، هۆکارەکەشی بۆ ئەو دۆخە داراییە دەگەڕێتەوە کە پشکی گەورەی بەر منداڵ کەوتوە و کاریگەری راستەوخۆی لەسەر بەجێهێشتوە، چونکە منداڵ لە گەشەکردن و فێربونداپە.
جگە لەوەش لە ناو خێزان و کۆمەڵگەشدا، دۆخەکە خراپە.
لەیلا ئەحمەد، چالاکوان و ئەندامی رێکخراوی وادی ئەڵمانی لە گەرمیان، باسی لەوەکرد لەناو کۆمەڵگا و خێزانەکان هۆشیاری بەرامبەر بە مافەکانی منداڵان زۆر کەمە.
وتی: خێزانەکان پێویستیان بە سەنتەر و راهێنانە بۆ ئەوەی بزانن چۆن مامەڵە لەگەڵ منداڵدا بکەن و پەروەردەی بکەن.
نیگار رەشید، لەوبارەوە دەڵێت: هاوکات لە روی کۆمەڵایەتی و سیاسیشەوە دۆخەکە خراپە کە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی تۆکمە و جێگیرمان نیە تاوەکو منداڵ توشی زیان نەبێت، بۆیە هەتاوەکو ئەو دۆخە ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەی کە هەیە بەردەوامی هەبێت دۆخی منداڵ زۆر خراپتر ئەبێت.
«دۆخی منداڵان لە نێو لادێکان زۆر خراپترە لە سەنتەری شارەکان، چونکە نە حکومەت نە خێزانەکانیش گرنگی ئەوتۆ بە منداڵ نادەن و پێداویستیەکانیان بۆ دابین ناکەن». لەیلا ئەحمەد، چالاکوان و ئەندامی رێکخراوی وادی ئەڵمانی لە گەرمیان وای وت.
دەشڵێت: دۆخی دارایی خێزانەکان بارودۆخەکەی بۆ منداڵان زۆر خراپ کردوە، بەجۆرێک بە زەحمەت هەندێک پێداویستی بۆ منداڵ دابین دەکرێت، ئێمە وەک خۆمان یاری دەبەینە لادێکان بۆ ئەوەی منداڵان یاری بکەن، پێیانەوە دیارە کە چەن تامەزرۆن.
جەختی لەوەشکردەوە: منداڵانی سەنتەری شارەکان باشترن وەک لە لادێکان.
هاوکات، حەیدەر فازڵ، بەڕێوبەری نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان، وتی: بەشێوەیەکی گشتی منداڵ کۆمەڵێک گرفتیان هەیە بەتایبەت لە کەرتی پەروەردە و تەندروستی کە پێشێلی زۆری مافی منداڵ دەکرێت، بەتایبەت ئەو دۆخەی کە ئێستا هەیە لە کەرتی پەروەردە وایکردوە کاریگەری راستەوخۆی لەسەر منداڵ هەبێت لە پەروەردە و فێرکردن.
وتیشی: ئەمەش وایکردوە جیاوازی چینایەتی دروست ببێت، چونکە ئەو خێزانانەی کە بارودۆخی ماددییان باشە منداڵ دەخەنە قوتابخانە ئەهلیەکان.
«منداڵ لە قۆناغی منداڵی تاوەکو قۆناغی پێگەیشتن قۆناغێکی زۆر هەستیارە چ لە روی هزری و دەرونی و پێگەیشت و کۆمەڵایەتیشەوە، چونکە منداڵ پەیوەستە بە ژینگەی کۆمەڵایەتیەوە». یوسرا یوسف محەمەد، پسپۆری دروستی دەرونی و مامۆستا لە زانکۆی گەرمیان وا دەڵێت.
باسی لەوەشکرد: کاتێک منداڵ لە قۆناغی منداڵیدا روبەڕوی هەندێک ئاستەنگ و بەربەست دەبێتەوە وەک سزادان و شکاندنەوە لەگەڵ کۆمەڵێک بەربەست کە ئەخرێتە بەردەم ویست و پێداویستیەکانی، ئەمە وادەکات کاریگەری لەسەر دروونی دروست ببێت، بۆیە ژینگەی منداڵ پەیوەستە بە ئەو ژینگە کۆمەڵایەتیەی کە تیایەتی.

## ٢. پێشێلکاریی هەیە، بەڵام سکاڵا تۆمار ناکرێت

بەڕێوبەری نوسـینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان، ئاماژە بەوەدەکات کە پێشـێلکاریی بەرامبەر بە مافەکانی منالان هەیە، بەڵام کێشـە ئەوەیە کە سکاڵا تۆمار ناکرێت.
حەیدەر فازڵ، وتی:: لەبەرامبەر هەر توندوتیژییەک یان پێشێلێکی مافی منالان، سـکالاتۆمار ناکرێت، بەتایبەت ئەو پێشـێلکاریانەی کە لە ناوەندەکانی خوێندن دەکرێت.
جەختی لەوەشـکردەوە: نە منالْ نە خێزانەکان نە مامۆستایانیش سکالا تۆمار ناکەن، بەتایبەت سالی رابردو هیچ سکالایەک نەبوە و پێشێلکارییەک نەبوە تاوەکو راستەوخۆ تەداخول بکەین.



دیمەنێکی قوتابخانەی هیوای نابیستان لە خانەقین سەرچاوە: پەیجی ب. گ. چاودێریی کۆمەڵایەتی گەرمیان

## ٣. دۆخی منالانی خاوەنپێداویستی تایبەت

یەکێک لەو توێژانەی زیاتر روبەڕوی کێشـە و ئاستەنگ دەبێتەوە لـە کۆمەڵگـەدا، منالانی خاوەنپێداویسـتی تایبەتـن، کە ئەمانە بەتایبەتی لە روی خوێندن و پەروەردەوە کێشەکەیان گەورەترە.
دارا ئەحمەد سـەمین، بەڕێوبەری گشـتی پـەروەردەی گەرمیان، دەڵێت: لەگەڵ بەڕێوبەرایەتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیـان هەندێـک کاری پێکەوەیمـان هەیـە کـە تەواوکـەری یەکتریـن، بۆ نمونە ئەوان پەیمانگای نابیسـتانیان هەیە کە ئێمە تاقیکردنەوەکانیـان بـۆ ئەنجـام دەدەین بەتایبـەت قۆناغی نۆی بنەڕەتـی، تەنانەت داواشـمان لـە وەزارەتـی پەروەردەکردوە بە نوسـراوی فەرمی کە ئەم خوێندکارانە لە دوای ئەو قۆناغە بتوانن درێژە بە خوێندنیان بدەن لە پەیمانگا پیشەییەکان و قۆناغەکانی تر.
وتیشـی: یەکێکـی دیکە لەو بابەتانەی کە کارمان لەسـەر کردوە منالانـی خاوەنپێداویسـتی تایبەتـن لـە ناوەندەکانـی خوێنـدن دەخوێنن، بەهۆی ئەوەی ئەو منالانە وەک منالی ئاسـایی نین لە کاتـی تاقیکردنەوەکان بەتایبەت مامۆسـتای تایبەتمان بۆ دابین کردون ئەگەرچی رێژەکە زۆرنیە بەڵام دابەشمانکردون بەسەر ئەو ناوەندانەی کە خوێندکاری خاوەنپێداویستی تیایە.
هاوکات، ژیلوان عادل، بەڕێوبەری گشتی بەڕێوبەرایەتی چاودێری و گەشـەپێدانی کۆمەڵایەتـی گەرمیان دەڵێت:ئەمـە جگە لەوەی کارمان لەسـەر ئەوەکـردوە ئەوانەی خاوەن پێداویسـتی تایبەتن پـەروەردەی تایبەتیـان هەبێـت لـە ناوەنـدەکان و مامۆسـتای تایبەتیـان بۆ دابنرێت، ئەمـەش بەپێـی رێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە کە بگونجێت.

## ٤. حکومەت چ دەزگایەکی هەیە بۆ پاراستنی مناڵان؟

لەیلا ئەحمەد، چالاکوان و ئەندامی ڕێکخراوی وادی ئەڵمانی لە گەرمیان، باس لەوەدەکات پێشێلکاریی بەرامبەر بە مناڵان زۆرە، بەڵام لەبەرامبەردا دەزگای کارا نییە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیدا.

وتی: بەداخەوە شوێنێکی ئەوتۆمان نیە کە کارابێت بۆ بەدەمەوە هاتنی مناڵان لەکاتی پێشێلکردنی مافەکانیان بەتایبەتی ئەوانەی کە توندوتیژیان بەرامبەر دەکرێت و بتوانێت لە خۆی بگرێت و مافەکەی وەربگرێتەوە.

ئەو چالاکوانە پێیوایە بونی سەنتەری تایبەتمەندی ڕاوێژکاریی بۆ خێزانەکان گرنگە.

ن وتی: لە گەرمیان سەنتەری ڕاوێژکاری تایبەت بە مناڵانمان نیە بۆ ئەوەی بتوانرێت لە بونی هەر کێشەیەکی خێزانی مناڵ ببرێتە ئەوێ یاخود لە بونی هەر کێیەکی دیکەی تایبەت بە خۆی.

«لە بەڕێوبەرایەتیمان ٢ بەشمان هەیە تایبەتەبە پاراستنی مافی مناڵان و چاودێری خێزان، ئەم دوبەشە کار لەسەر پرسەکانی مناڵان ئەکەن بەتایبەت بەشی چاودێری خێزان سەرپەرشتی سەنتەرەکان و کاروباری مناڵان دەکەن». ژیلوان عادل، بەڕێوبەری گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان وا دەڵێت.

دەشڵێت: لە سەنتەرەکان کاری پەروەردە و فێرکردن و بەهێزکردنی وانەکان بۆ مناڵان دەکرێتەوە و کراوەتەوە، هاوکات توێژەرمان هەیە لە سەنتەرەکان کە سەرپەرشتی کەیسەکانی مناڵان دەکەن، کە پێویستیان بە پێداویستی قوتابخانە هەیە و باری داراییان باش نیە یاخود لایەنی تەندروستی و هەر پێداویستیەکی دیکە بۆیان دابین دەکرێت بە هاوکاری ڕێکخراوی یونسێف، ئەمە جگە لەوەی کەسانی خۆبەخشیش هەن کە هاوکارییان کردون.

لە سنوری گەرمیان ئەنجومەنی پاراستنی مناڵانی گەرمیان پێکهێنراوە کە ئەندامی کۆی لایەنە پەیوەندیدارەکانی پەیوەست بە مناڵانی تێدایە، ئامانجی کردنەوەی ئەم ئەنجومەنەش کە لەسەر ڕاسپاردەی ڕێکخراوی یونسێفە بوە بۆ پاراستنی مناڵانە لە هەر دۆخێکدا بێت، هاوکات کارکردنی لەسەر کۆی پرسەکانی پەیوەست بە مناڵانەوە.

ژیلوان عادل، بەڕێوبەری گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان، دەڵێت: لە ساڵی ڕابردو ئەنجومەنی پاراستنی مناڵانمان دروستکرد بەهاوکاری ڕێکخراوی یونسێف لە ئاستی باڵا لە ئیدارەی گەرمیان کە لە هەمو لایەنەکانی پەیوەست بە مناڵانەوە ئەندامن لە ئەنجومەنەکەدا بەسەرۆکایەتی ئێمە.

دەشڵێت: ئەم ئەنجومەنە کۆبونەوەی دەوری و مانگانەی خۆی هەیە لەسەر کۆی پرسەکانی پەیوەست بە مناڵانەوە، لە کۆبونەوەکەشدا کۆی ئەو پێشنیار و سەرەنجانەی کە ئەخرێنە ڕو دواتر ئێمە بڕیاری لەسەر دەدەین و دەیکەین بە کۆنوسێک و دەینیرینەوە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: ئەو لایەنانەی کە لە ئەنجومەنەکەدا هەن جگە لە ئێمە (ئیدارەی گەرمیان، بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان، بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان، بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان، فەرمانگەی داواکاری گشتی گەرمیان، بەڕێوبەرایەتی ئاسایشی گەرمیان، نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان، بەڕێوبەرایەتی گشتی ئەوقافی گەرمیان و ڕێکخراوی مناڵپارێزی کوردستان)ن.

لەبەرامبەردا لەیلا ئەحمەد، چالاکوان و ئەندامی ڕێکخراوی وادی ئەڵمانی لە گەرمیان، پێیوایە مناڵان بە گشتی لە گەرمیاندا پشتگوێخراون، بەتایبەتی مناڵانی لادێنشین.

وتیشی: پێویستە سندوقی تایبەت بە تەرخانکردنی پارە هەبێت بۆ دۆسیەکانی مناڵان لە هەمو ڕویەکەوە.

ئەوەی حکومەت جەختی لێکردوەتەوە لە بواری مافەکانی مناڵاندا، زیاتر بریتی بوە لە دروستکردنی سەنتەری تایبەت بۆ برەودان بە تواناکانی مناڵان، لەمچوارچێوەیەشدا ژمارەیەک سەنتەر لە قەزا و ناحیەکانی گەرمیان هەیە.

هاوکار موکەرەم، لێپرسراوی سەنتەری پاراستنی مناڵانی کەلار، دەڵێت: بە درێژایی ساڵ سەنتەرەکەمان کراوەتەوە و مناڵان لە تەمەنی ٦ ساڵ تاوەکو ١٧ ساڵ دەتوانن سودمەندبن لە چالاکییەکانمان.

وتیشی: چەندین خولی جۆراوجۆرمان هەیە وەک خولی هونەر و وەرزش و کاری دەستی و بەهێزکردنی خوێندن.

بەپێی ئەو داتایانەی کە لە سەنتەرەکەدا هەیە، لە ئێستادا کە دەوامی ناوەندەکانی خوێندن هەیە ڕۆژانە ٥٠ بۆ ٦٠ مناڵ سەردانی سەنتەرەکە دەکەن، بەڵام بەوتەی خۆیان لە پشوی هاویندا ژمارەیەکە دوهێندە و زیاتریش دەبێتەوە.

هاوکار موکەرەم، هەروەها وتیشی: لە ئێستاشدا کارمان لەسەر ئەوەکردوە ئەو مناڵانەی کە سەردانمان دەکەن ڕۆژانە هەزار دیناریان بۆ خەرج بکرێت وەک پاڵپشتیەک و بۆ بەردەوامی سەردانیان.

لەلایەکی ترەوە، هەردی فەخرەدین، لێپرسراوی سەنتەری چالاکی و پاراستنی مناڵانی قەزای کفری، وتی: سەرباری ئەوەی سەنتەرەکەمان بەردەوام کراوەیە و چالاکی بۆ مناڵان هەیە، هاوکات ڕاهێنانی هۆشیاریش هەیە چ بۆ مناڵان چ بۆ دایکان و باوکان، کە خۆی لە چۆنیەتی پەروەردەکرن و چۆنیەتی مامەڵەکردن دەبینێتەوە چ مناڵ لەگەڵ خێزان و دەروبەری، چ دایک و باوک لەگەڵ مناڵی دا.

لایخۆشیەوە، هاوژین جومعە، لێپرسراوی سەنتەری پاراستنی مناڵانی ناحیەی ڕزگاریی، دەڵێت: هاوشێوەی سەنتەرەکانی تر ئێمەش چالاکی جۆراوجۆرمان هەیە چ لە پەروەردە و هۆشیاری و بەهێزکردنی تواناکانی مناڵان کە ڕاهێنانی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت، هەموشیان بێبەرامبەرن.

## دووەم: پێشێلکاری مافەکانی منداڵان لە بواری پەروەردە

### ١. ژینگەی لەبار بۆ منداڵان نەرەخسێنراوە

شارەزایان و پسپۆرانی بواری پەروەردەی باس لەوەدەکەن، ژینگەی لەبار بۆ منداڵ نەڕەخسێنراوە لە ناوەندەکانی خوێندندا.
بەڕێز عەباس، مامۆستا و شارەزا لە بواری پەروەردە دەڵێت: لە روی پەروەردەوە ژینگەیەکی لە بار بۆ منداڵ نەرەخسێنراوە کە ئەوەی خۆی دەیەوێت بەدەستی بهێنێت، بۆنمونە لە روی بیناوە زۆر خراپین ئەو بینایەی کە منداڵی قۆناغی ١ و ٢ و ٣ـی بنەڕەتی دەوامی تێدا دەکات هەمان بینا قۆناغی ئامادەیی دەوامی تێدا دەکات، لە کاتێکدا پێویستە ئەو بینا بەجۆرێک بێت لەگەڵ ژینگە منداڵ بگونجێت.
دەشڵێت: ئەمە جگە لەوەی هیچ پێداویستیەکی بۆ دابین نەکراوە.
جەختی لەوەشکردەوە: حکومەت و وەزارەتی پەروەردەش پێمان وایە بەمەبەست وادەکەن بۆ رەوایەتی دان بە قوتابخانە ئەهلیەکان و بێ بەهاکردنی قوتابخانە حکومیەکان کە لە ئێستادا هیچ بەهایەکی نەماوە وەک دەیبینین مانگێک دەوامە و مانگێک دەوام نیە.

لە هەمان کاتدا، نیگار رەشید، مامۆستا لە قەزای کەلار باسی لەوەکرد: ناوەندەکانی خوێندن پڕن لە کێشەو گرفت، یەکێک لەوانە بۆ ماوەی ١٠ ساڵە کلتورێک هاتوەتە ئاوە ئەویش ناوی بایکۆتە کە زەرەرێکی زۆر گەورەی لە منداڵ داوە و لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن پاشەکشەی کردوە.
دەشڵێت: بۆیە خەڵک ناچارە پەنا بباتە بەر قوتابخانەی ئەهلی و ئەمەش ئێمەی مامۆستایان وایدەبینین ئەمە پلان بۆ داڕێژراوە و حکومەت بێبابەکە لە کەرتی حکومی و بۆیە کارەسات رودەدات.
جەختی لەوەشکردەوە: بۆیە حکومەت بەرامبەر بە منداڵ لە کەرتی پەروەردەدا بێباکە، چونکە نە بینامان بینا یە و تەنانەت بەشێک لە ناوەندەکان لە زیندان دەچن، ئەو کورسیانەی کە دانراون لە کورسی ئەشکەنجە دەچن، هاوکات نە پێداویستیمان پێداویستیە، ئەم سەر لێشێواویەی کە ئێستا هەیە منداڵیشی گرتوەتەوە و توشی زیانی کردوە و ناشزانن خەریکی چین، بۆیە حکومەت هاوکاری روخانی کەرتی پەروەردەی کردوە.



دیمەنی قوتابییەک لە کەلار

سەرچاوە: پەیجی بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی کەلار

## ٢. توندوتیژی لە ناوەندەکانی خوێندندا

توندوتیـژی نەک لە نێـو خێزانەکان، بەڵکو لە نێـو ناوەندەکانی خوێندنیـش بونی هەیە، شـارەزایانی بواری پـەروەردەش دەڵێن توندوتیژییەکان لە ئێسـتادا بەشـێوەی ناڕستەوخۆن، بەرپرسانی پەروەردەش رونکردنەوە دەدەن.
بەڕێز عەباس، مامۆسـتا و شـارەزا لە بواری پەروەردە، دەڵێت: توندوتیژی لە ناوەندەکانی خوێندن زۆرخراپە و جیاواز لە پێشـتر بەشـێوەیەکی ناراستەوخۆ ئەنجامدەدرێت بەرامبەر بە منداڵ، وەک پێشتر نەماوەتەوە کە تەنها لێدان هەبو.
دەشـڵێت: جـۆری توندوتیژییـەکان بە جۆرێکە بـۆ نمونە دانانی پرسـیار لەلایەن مامۆسـتاوە کـە نەزانێت بۆخـۆی توندوتیژییە، جیاوازیکردن لە نێوان کچ و کوڕ کە کوڕ بە تواناتر ئەبینن لە کچ و فەزڵی کوڕەکانیان ئەدرێت بەسەر ئەمەش بۆخۆی توندوتیژییە، لـە قۆناغـی ئامادەیی بـە کچـەکان ئەوترێت ئێوە نابـن بە هیچ کۆتاییەکەتـان هـەر ئەوەیە هاوسـەرگیری ئەکـەن ئەمە بۆخۆی توندوتیژیـی زارەکیـە، منداڵ ناوێرێت بێتە ئیدارەوە و پرسـیارێک بکات ئەمە بۆخۆی توندوتیژییە.
دەشـڵێت: هیچ هەنگاوێک نەگیراوەتەبەر بۆ چارەسـەرکردنی ئەم بابەتە سیستەمی پەروەردەش رەنگدانەوەی سیستەمی حوکمڕانیە لەم وڵاتەی ئێمەدا.
هـاوکات، لەیـلا ئەحمەد، چالاکـوان و ئەندامی رێکخـراوی وادی ئەڵمانی لە گەرمیان وتی: توندوتیژی بەرامبەر بە منداڵ هەیە چ لە نێو خێزانەکان چ لە نێو ناوەندەکانی خوێندنیش بەهەمان شێوە، دابڕینـی منداڵ لە خوێندن بۆخۆی توندوتیژییە، منداڵ ئێسـتا لێی نادرێت بەڵکو توندوتیژی زارەکی و دەرونی بونی هەیە، بەجۆرێکە لـە نێو خێزانـەکان رای منداڵ وەرناگیرێت لـە بابەتە خێزانیەکان بەتایبەت لە تەمەنی ٨ بۆ ١٦ سـاڵ بەتایبەتر کچ زیاتر روبەڕوی ئـەو حاڵەتانە بونەتـەوە کە خۆمان کارمان لەسـەرکردوە ئەمە بۆخۆی توندوتیژییە.
بـە پێی وتەی نوسـینگەی مافی مرۆڤی گەرمیـان یەکێکی دیکە لـەو توندوتیژیانـەی کـە بەرامبەر بە منداڵ دەکرێـت بەتایبەت لە ناوەندەکانی خوێندن توندوتیژی سێکسیە کە دەستدرێژی دەکرێتە سەر منداڵ.
حەیدەر فازڵ، وتیشـی: لە سـلکی پەروەردە حاڵەت هەبوە وەک گێڕانەوە کە دەسـتدرێژی کراوتە سـەر منداڵ کە تەمەنی ٩ ساڵان بوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی سکاڵا تۆمارنەکراوە و نەبوە بە کەیس، نەتوانراوە کاری لەسەر بکرێت.
جەختـی لەوەشـکردەوە: بەهـۆی ئـەوەی کێشـەی کۆمەڵایەتی دروسـت نەبێت سـکاڵاتۆمار نەکراوە چ لە لایەن منداڵەکەوە چ لە لایەن خێزانەکەیەوە، ئێمەش ناتوانین بیسـەلمێنین بە سەنەدێک یـان ئەوراقێـک بۆ ئەوەی رێکاری یاسـایی بگرینەبەر، کەسـیش نەبوە شاهێدی لەسەر بابەتەکە بدات.
پسـپۆڕێکی دەرونی جەخت لـەوە دەکاتەوە ئـەو توندوتیژیانەی بەرامبـەر بە منداڵ دەکرێـت لە ناوەندەکانی خوێنـدن، رێگەیەکە بۆ ئەوەی پەنا بباتە بەر خۆکوشـتن کە کەیسی لەوشێوەیەشمان هەبوە لە ساڵانی رابردو.
یوسـرا یوسـف محەمەد، پسـپۆڕی دروسـتی دەرونی و مامۆستا لـە زانکـۆی گەرمیان دەڵێت: ئەگەر باسـی ناوەندەکانی خوێندن بکەین زۆرجار یەکێک لە هۆکارەکانی توندوتیژی بەرامبەر بە منداڵ خێزانەکانن کە پاڵپشـتی مامۆسـتایان و سیستەمەکە دەکەن کە دەبێت توند بن و سزای منداڵ بدرێت.
ئاماژەی بەوەشـکرد: ئەمە جگە لەوەی کۆمەڵێک بۆچون هەن کە مامۆسـتایان و رێنمایکاران تاوەکو ئێسـتا پێیانوایە دەبێت منداڵ سـزابدرێت یان بشکێنرێتەوە بەرامبەر هەر رەفتارێک کە ئەنجامی دەدات بۆ ئەوەی دوبارەی نەکاتەوە، تەنانەت لە نێو خێزانەکانیش ئەو فشارانە بۆ دەرونی منداڵ دەهێنرێت.
جەختـی لەوەشـکردەوە: ئەمـە کاریگەری راسـتەوخۆی دەرونی لەسـەر ئەو منداڵە دروست دەکات بە جۆرێک وا ئەکات پەنا بباتە بەر خۆ کوشـتن کە لە سـاڵانی رابردوش حاڵەتی لەوشێوەیەمان هەبوە.
لـە بەرامبـەردا، دارا ئەحمـەد سـەمین، بەڕێوبـەری گشـتی بەڕێوبەرایەتـی کارەبای گەرمیان دەڵێـت: تونوتیژی بەرامبەر بە منـاڵ لە ناوەندەکانی خوێندن لە چاو سـاڵانی رابردو کە رێژەکە زۆربو ئێستا کەمبوەتەوە بە جۆرێک لە دیاردەوە بوە بە حاڵەت.
باسی لەوەشکرد: وەک پەروەردەش هەوڵمانداوە و بەرنامەڕێژیمان کـردوە چ لـە رێگەی کۆڕ و سـیمیناری هۆشـیارییەوە بێت چ لە رێگـەی رێکخراوەکانەوە بێت کە لە ناوەنـدەکان چالاکیان هەبوە بۆ ئەوەی هۆشـیاری بە مامۆستایان و منداڵانیش بدرێت سەبارەت بە توندوتیژی.
جەختی لەوەشـکردەوە: لە روی یاساشـەوە ئـەم بابەتە قەدەغە کراوە و رێنمایی تایبەتمان هەیە بۆ ئەو بابەت، تەنانەت مامۆستا سـزای کارگێـڕی دراوە و پلەکـەی دابەزێنـراوە بـۆ فەرمانبـەر لەبەرامبەر هەر توندوتیژییەک کە کردویەتی.
بەپێی وتی بەڕێوبەری نوسـینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان، کاریان لەسـەر ئەوەکردوە کە سەردانی ناوەندەکانی خوێندنیان کردوە و هۆشـیارییان بە منداڵان داوە لە بونی هـەر حاڵەتێکی توندوتیژی چ لـە ناوەندەکانـی خوێندن چ لە ناو خێزانەکان دەتوانن سـکاڵا تۆماربکەن بۆ ئەوەی مافەکانیان بۆ وەربگیرێتەوە.

## ٣. دابڕینی منالّان له خوێندن

«زۆرینەی منالّان له لادێکان له خوێندن دادەبڕێن، چونکه که پۆلی ٦ی بنەڕەتی تەواو دەکەن له هەردو ڕەگەز ناچارن بڕۆنه لادێیەکی دیکه بۆ خوێندن، خێزانەکانیش ناتوانن ئۆتۆمبیلیان بۆ دابین بکەن بۆیه ناچارن له خوێندن دادەبڕێن». لەیلا ئەحمەد، چالاکوان و ئەندامی ڕێکخراوی وادی ئەلّمانی له گەرمیان وای وت.
دەشلّێت: دۆخەکه له سەنتەری شارەکان بەپێچەوانەوەیه و دۆخەکه باشتره.
له بەرامبەردا، دارا ئەحمەد سەمین، بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان دەلّێت: بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەرده حکومەت پابەنده قۆناغی ئامادەیی له سەنتەری شارەکان و قەزا و ناحیەکان بکاتەوه، بەلّام له لادێکان تەنها پابەنده تاوەکو قۆناغی ٩ی بنەڕەتی بکاتەوه به هەمو پێداویستیەکانیەوه.
دەشلّێت: هەر خوێندکارێک که قۆناغی ٩ی بنەڕەتی تەواودەکات، دەتوانێت له سەنتەری ناحیه و شارەکان درێژه به خوێندنی ئامادەیی بدات، بۆیه له لادێکان ناتوانرێت قۆناغی ئامادەیی بکرێتەوه.
هاوکات، حەیدەر فازلّ، بەڕێوبەری نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان، وتی: منالّ له خوێندن دادەبڕێنرێت بەهۆی کارکردن و هەندێک نەریتی خراپی کۆمەلّایەتیەوه که دایک و باوک خۆیان نەخوێندەوران و دەلّێن بۆ منالّەکانمان بخوێنن.
دەشلّێت: ئەمه جگه لەوەی که هەندێک منالّ خاوەن پێداویستی تایبەته بەهۆی ئەوەی که خێزانەکان شەرم دەکەن نایاننێرنه بەرخوێندن، ئەگەرچی ئێستا دۆخەکه باشتره و کۆمەلّێک سەنتەرمان هەیه بۆ ئەو مەبەسته.
هێمای بۆ ئەوەشکرد: هاوکات که له خوێندن دایاندەبڕن هەندێکیان سوالّ به منالّەکانیان دەکەن که چەندین حالّەتی لەوشێوەیمان هەیه ڕۆژانه و ئەیانبینین، بۆ ئەو مەبەستەش له ڕێگەی داواکاری گشتی گەرمیانەوه داوامان کردوه ئەو کەسانه ڕوبەڕوی دادگا بکرێنەوه.
له بەرامبەردا، بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان دەلّێت: پەروەردەی گەرمیان به هاوکاری ڕێکخراوی یونسێف له گەرمیان له ڕێگەی ٤ تیمەوه کار بۆ گەڕانەوەی ئەو فێرخوازانه دەکات که له خوێندن دابڕاون.
دارا ئەحمەد سەمین، وتیشی: هەمو دەستپێکی سالّێکی نوێی خوێندن چەند تیمێکمان هەیه که به هاوکاری ڕێکخراوی یونسێف دروستکراون، سەردانی ئەو خێزانانه دەکەن که منالّەکانیان له خوێندن دابڕاون، به ئامانجی ئەوەی هۆکاری دابڕانەکەی بۆچی دەگەڕێتەوه و هانی بدات که دەست به خوێندن بکاتەوه.
باسی لەوەشکرد: ڕێژەیەکی قوتابی گەڕاونەتەوه ناوەندەکان و ڕێژەکەش سالّانه گۆڕانکاری بەسەردا دێت و تیمەکانمان زۆر ماندودەبن سالّانه بەو بابەتەوه، لەگەلّ ئەوەشدا بەردەوامین لەو کارەمان.
دەشلّێت: له سنوری گەرمیان ٤ تیم دروستکراوه ٢ دانەیان له کەلاره و ١ دانەیان له قەزای کفرییه و ١ دانەشیان له قەزای خانەقینه.
بەپێی ئامارێکی بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان که لەلایەن ئەو تیمانەی پێیان دراوه و لەلایەن ڕێکخراوی یونسێفەوه جێبەجێکراوه، تاوەکو ئێستا له سنوری گەرمیان ٤٣٠ منالّ که له خوێندن دابڕاون له قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەیی.

## ٤. گرنگینەدان به پشو و لایەنی تەرفیهی

مامۆستایەک جەخت لەوەدەکاتەوه ٢ له وانه گرنگەکان له پەروەرده پەراوێزخراون که به لای منالّانەوه ٢ له وانه تایبەتەکانه، بەڕێوبەری پەروەردەی گەرمیانیش ڕونکردنەوه دەدات.
نیگار ڕەشید، مامۆستا له یەکێک له قوتابخانەکانی قەزای کەلار باسی لەوەکرد: بابەتی وانەی هونەر و وەرزش ٢ لەو بابەتانەن که پەراوێزخراون، له کاتێک دو له گرنگترین وانەکانن بۆمنالّ، چونکه وەرزش وەزه به منالّ دەبەخشێت، هونەر بیر و تەرکیزی منالّ فراوان دەکات و ئاستی زیرەکی دیاری دەکات که یارمەتی ئەدات له وانەکانی باشتر بێت، کەچی له ناوەندەکان بەپێچەوانەوەیه.
هاوکات، بەڕێز عەباس، مامۆستا و شارەزای بواری پەروەرده، دەلّێت: له ڕوی وانەکانی هونەر و وەرزش که تاوەکو ئێستا هیچ شوێنێکی وانیه منالّ بتوانێت وێنەی تیابکێشێت یان هۆلّ نیه منالّ وەرزشی تێدا بکات و به ٢ بابەتی لاوەکی دەبینرێت له کاتێکدا خۆشترین وانەن لەلای منالّ.
له بەرامبەردا، دارا ئەحمەد سەمین، بەڕێوبەری گشتی بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی گەرمیان دەلّێت: کەمی پسپۆری و نەبونی دامەزراندن لەگەلّ کەمی کات له ناوەندەکان، وایکردوه حەقی بابەتی هونەر و وەرزش زۆرجار بدرێت به وانەکانی تر، ئەمه جگه لەوەی که تاوەکو ئێستا بەشێک له مامۆستایان و تەنانەت بەڕێوبەرەکانیش ئاستی تێگەشتنیان بەرامبەر بەو بابەتانه بەشێوەیەکه که بابەتەکانی تر گرنگترن تاوەکو ئەو دو بابەته.
وتیشی: هاوکات ژینگەی بیناکانمان به جۆرێکه وایکردوه ئەو ٢ بابەته حەقی تەواویان پێنەدرێت و بەجۆرێک له جۆرەکان پەراوێزبخرێن بەهۆی نەبونی شوێنی تایبەت بەو ٢ بابەته.
جەختی لەوەشکردەوه: بەلّام لەگەلّ هەمو ئەوانەشدا هەر کارمان لەسەرکردوه و ئەو ٢ وانەیه دەخوێنرێت له ناوەندەکان.
یەکێکی تر لەو کێشانەی ڕوبەڕوی منالّان بوەتەوه له ناوەندەکانی خوێندن کەمی کاتی پشوەکان وزۆری کاتی وانەکانه، ئەمەش وایکردوه منالّ ماندوببێت.
بەڕێز عەباس، مامۆستا و شارەزا له بواری پەروەرده دەلّێت: زۆری کاتی وانەکان و کەمی کاتی پشو یەکێکه له گرفته گەورەکان و پێشێلکردنی مافی منالّ له ناوەندەکانی خوێندن، به جۆرێکه ٤٠ خولەک وانه ئەخوێنێت کەچی ٥ خولەک پشوی هەیه فریای ئەو خواردنەش ناکەوێت که بیکڕێت و بیخوات.
له بەرامبەردا، دارا ئەحمەد سەمین، بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان دەلّێت: زۆری کاتی وانەکان و کەمی پشوەکان پەیوەسته به بیناوه که حکومەت له ئێستادا ناتوانێت بینا دروست بکات، ئەمەش وایکردوه بیناکانمان دو دەوامی و سێ دەوامی بێت.
دەشلّێت: هەتاوەکو بینا زیاتر نەکرێت ئێمه نتوانین کاتی پشو دەوامیش زیاد بکەین.

# سێیەم: توندوتیژی

## ١. قەبارەی توندوتیژیی دژ بە مناڵان

توندوتیـژی بەرامبـەر بە مناڵان چ لە نێـو خێزانەکان بونی هەیە و بەڕای چالاکوانان و بەرپرسـانی حکومەتیش حاڵەتەکە هەیە و کەیسیش بۆ ئەو مەبەستە تۆمارکراوە.
شـیرین مەحمـود، بەڕێوبەری لانەی مناڵان لـە گەرمیان دەڵێت: توندوتیـژی لـە نێو خێزانـەکان هەیە و بەردەوامـە، حکومەتیش وەکپێویسـت هیچی نەکردوە بۆ مناڵ و کەمبونەوەی حاڵەتەکانی توندوتیژی، ئەگەرچی هێڵی ١١٦ هەبو بۆ پەیوەندیکردن لە بونی هەر حاڵەتێکی پێشێلکردنی مافی مناڵ کە بەدەمەوە دەهاتن.
لایخۆشـیەوە، حەیدەر فازڵ، بەڕێوبەری نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیـان وتی: ئـەو توندوتیژیانەی کە بەرامبەر بە مناڵ دەکرێت بەتایبەت لە نێو خێزانەکان بە داخراوی ئەمێنێتەوە و چارەسـەر دەکرێت، ئەمەش گرفتە بۆ ئێمە و قەبارەی کێشەکە نازانرێت کە چەندە.
دەشڵێت: بەڵامساڵی رابردو بەتایبەت بۆ رەگەزی مێینە و خوار ١٨ ساڵ هیچ حاڵەتێکمان نەبوە هەڕەشەی لەسەر بوبێت و داخڵ بـە شـێڵتەر کرابێت، بەڵام بـۆ رەگەزی نێر ٢ کەیسـمان هەبوە دەست درێژی سێکسی کراوەتە سەر و تۆمار کراوە.
جەختـی لەوەشـکردەوە: بـۆ حاڵەتەکانی توندوتیـژی هەتاوەکو سـکاڵا نەبێت یان ئاگادارکردنەوە نەبێـت ئێمە نازانین حاڵەتەکە هەیە یان نا، کە ئەمەش لەلای ئێمە بەپێشێلی ماف دائەنرێت.

| ژ | کوشتن | خۆکوشتن | دەستدرێژی سێکسی | فرێدانی مناڵ | لەباربردنی مناڵ | فرۆشتنی مناڵ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 2022 | ___ | 3 | ___ | ___ | ___ | ___ |
| 2023 | ___ | ___ | 1 | ___ | 1 | 3 |
| 2024 | ___ | ___ | 2 | ___ | ___ | ___ |

ئاماری توندوتیژییە تۆمارکراوەکانی دژ بە مناڵان لەماوەی ٣ ساڵدا لە نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان

## ٢. بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی چۆن کاری لەسەر دۆسیەکانی مناڵان کردوە؟

ئەیـوب حسـێن، وتەبێـژی بەڕێوبەرایەتـی بەرەنگاربونـەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان لە گەرمیان، هاوکات لێپرسراوی نوسـینگەی کەلاری بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێـزان وتی: ئـەو حاڵەتی توندوتیژیانەی کە لـە نێو خێزانەکان بن یان لە دەرەوەی خێزانەکان بن کە دەکرێتە سـەر مناڵ لەلای ئێمـە وەردەگیرێـت و رۆژانـەش دێتـە لامـان کە بەپێی یاسـای بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی مامەڵەی لەگەڵ دەکەین.
وتیشـی: هەر حاڵەتێک کە دێتە لای ئێمە دایک یان باوک دەبێت بـە وەلـی ئەمر مناڵەکـە و بە ناوی ئەو سـکاڵا تۆمار دەکات و هاوکات ئیفادەیشـی لێوەردەگیرێت بۆ بەرچاوڕونی دادوەر، ئەگەر ئەوان نەبون کەسـی پلە دو دەتوانێت ئەوە بکات، هاوکات ئەگەر دایـک یان باوک لە بەرژەوەنـدی مناڵەکەیان نەبون ئەوە هاوکات دەتوانرێت لە دادگا نوێنەری بۆ دابنرێت و سـکاڵا تۆمار بکات بە ناوی ئەو.
دەشـڵێت: لـە بونی هـەر حاڵەتێـک ئەگەر دایـک و باوکی نەبو لەلایەنـی کەسـی پلـە دو توندوتیـژی بکرێـت بەرامبـەر بە هەر مناڵێک ئەوە لەلایەن دادورەوە نوێنەرێکی بۆ دائەنرێت و بە ناوی ئـەو سـکاڵا تۆماردەکات لە بەرژەوەنـدی مناڵەکە بێت بۆ ئەوەی مافەکانی بۆ وەربگیرێتەوە.
جەختـی لەوەشـکردەوە: تاوەکـو خـوار تەمەنـی ١٨ سـاڵی بەوشێوەیەیە.
باسـی لەوەشکرد لەو دۆسێیانەی کە توندوتیژی خێزانین، بەپێی یاسای ژمارە ٨ـــی ساڵی ٢٠١١ـــی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژیی خێزانی مامەڵە لەگەڵ دۆسیەکەدا دەکەن.

## ٣. له سەنتەرەكانی منداڵان پێشوازیی له كەیسی توندوتیژی دەكرێت

بەرپرسـێكی بەڕێوبەرایەتی چاودێریی و گەشەپێدانی كۆمەلایەتی گەرمیـان ئامـاژە بـەوەدەكات لەرێگەی سـەنتەرەكانی منداڵانەوە مامەڵە لەگەڵ دۆسیەی پێشێلكاریی و توندوتیژی دەكەن بەرامبەر بە منداڵان.

هـەردی فەخرەدین، لێپرسـراوی سـەنتەری چالاكی و پاراسـتنی منداڵانـی قـەزای كفری، وتـی: له رێگـەی توێژەرانـی دەرونی و كۆمەڵایەتیمانەوە كەیسـەكانی پەیوەست بە منداڵان تۆمار دەكەن و كاری لەسەر دەكەن، كە پەیوەندیدار بێت بە توندوتیژی یاخود پێشێلكردنی مافەوە بێت یان هەر كەیسێكی دیكە بێت.

بەرپرسـێكی دیكە باس لەوە دەكات كە خول بۆ دایكان و باوكان دەكەنەوە.

هاوكار موكەرەم، لێپرسـراوی سەنتەری پاراستنی منداڵانی كەلار، دەڵێـت: جگە لـە كارەكانی پەرەدان بە بە حەز و توانای منداڵان، دایـك و باوك رادەهێنرێت كە چۆن مامەڵـە لەگەڵ منداڵەكانیاندا بكـەن، هـاوكات لە بونی هەر كێشـەو گرفتێك چـۆن مامەڵەیان لەگەڵ بكرێت، بۆ نمونە منداڵی واهەیە دەسـتدرێژی دەكرێتە سەر و ناتوانێـت بە ماڵەوە بڵێت له رێگـەی توێژەرەكانمانەوە هەوڵی چارەسەری دەدرێت.

هاوكات هاوژین جومعە، لێپرسـراوی سـەنتەری پاراستنی منداڵانی ناحیەی رزگاریی، دەڵێت: رۆشـتوینەتە ناو ناوەندەكانی خوێندن و سیمیناری هۆشـیاریمان پێشكەشكردوە سەبارەت بە مافەكانی منداڵان و چۆنیە وەرگرتنەوەی مافەكانیان.

## ٤. نەبونی خانەی تایبەت بە منداڵان

خانەی تایبەت بە داڵدەدانی ئەو منداڵانە له گەرمیان نیە كە ئەگەر روبەڕوی كێشە و گرفتت ببنەوە بۆ ئەوەی بتوانن تێیدا بمێننەوە بەڵكـو ئاراسـتەی سـلێمانی دەكرێـن، توندوتیـژی گەرمیانیش دەڵێت: ئەو خانەیە له هەیكەلیەتی بەڕێوبەرایەتیماندا نیە.

ئەیـوب حسـێن، وتەبێـژی بەڕێوبەرایەتـی بەرەنگاربونـەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان لە گەرمیان، هاوكات لێپرسراوی نوسـینگەی كەلاری بەرەنگاربونـەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێـزان وتـی: له گەرمیان خانەی تایبەت بـەو منداڵانە نیە كە كێشـەیەكیان هەیـە و دێتـە لای ئێمە، چونكە لـە هەیكەلیەتی بەڕێوبەرایەتیمانـدا نیـە ئەو خانەیە و ئیشـی ئێمـە نیە، بەڵكو ئیشی ئێمە لێكۆڵینەوە لە هەر دۆسیەیەكی توندوتیژی.

وتیشـی: بـەڵام ئەگـەر دۆسـیەیەكی لـەو شـێوەیەمان هەبێت و منداڵێـك بێتـە لامان و كەسـێك نەبێت لەخـۆی بگرێت، ئەوە راسـتەوخۆ دەینیرینە سـلێمانی بۆ خانەی منداڵان ئەمەش ئەگەر فەرمانی دادوەری هەبێت.

جەختی لەوەشكردەوە: لە گەرمیان دۆسیەی لەوشێوەیەمان زۆر كەمـە كە نێردرابێتنە سـلێمانی، بەڵكو لە رابردودا ٢ دۆسـیەی لەوشێوەیەمان هەبوە ئەمەش بە بڕیاری دادوره ناردومانە ئەوێ.

## ٥. گەرمیان بنكەی پۆلیسی نەوجەوانانی نیە

لە سنوری گەرمیان بنكەی پۆلیسی نەوجەوانان نیە، بەڕێوبەرایەتی چاودێـری كۆمەڵایەتـی گەرمیانیـش دەڵێـت: كارمانكـردوە بـۆ كردنەوەی ئەو بنكەیە.

ژیلـوان عـادل، بەڕێوبـەری گشـتی بەڕێوبەرایەتـی چاودێـری و گەشـەپێدانی كۆمەڵایەتـی گەرمیـان دەڵێـت: یەكێـك لـە پێشـنیارەكانی ئەنجومەنی پاراسـتنی منداڵان لە گەرمیان ئەوەیە كە بنكەیەكی پۆلیسی نەوجەوانان لە گەرمیان بكرێتەوە كە نیمانە و لـە ناوچەكانـی تری كوردسـتان كراونەتەوە، كە ئـەم بنكەیە هەر بابەتێك پەیوەسـتبێت بە منداڵانەوە كە توندوتیژیان بەرامبەر بكرێـت یان هەر حاڵەتێكی دیكە راسـتەوخۆ ئەم بنكەیە دەڕوات بە دەمیەوە و حاڵەتەكە ئاراسـتەی دادگا دەكرێت بۆ ئیجارائاتی یاسایی.

هێمای بۆ ئەوەشـكرد: لەگەڵ بەڕێوبەرایەتـی پۆلیس رێكەوتوین ئـەو بنكەیـە بكرێنـەوە هەیكەلێتیـان ئامادەیـە و سـتافی بـۆ دانـراوە، هاوكات بینامـان هەیە خۆمان رادەسـتیان دەكەین، بۆ ئەو مەبەسـتەش دەرخسـتەیەكمان داوە بە رێكخراوی منداڵپارێزی كوردسـتان بۆ ئـەوەی بیناكەمان بـۆ نۆژەنبكەنـەوە كە بۆ ئەو بنكەیـە بگونجێـت، كـە ئەمەش دەبێت بـە هەنگاوێكی گرنگ و خزمەتێكی تەواو بە منداڵان و نەوجەوانان.

# چوارەم: کارکردنی منداڵان

## ١. قەبارەی کارکردنی منداڵان لە گەرمیان

چالاکوانێک لە گەرمیان دەڵێت: کار بە منداڵان دەکرێت لە سنورەکە، دۆخەکەش لە لادێکان زۆر خراپترە وەک لە سەنتەری شارەکان.

لەیلا ئەحمەد، چالاکوان و ئەندامی ڕێکخراوی وادی ئەڵمانی لە گەرمیان وتی: منداڵ لە تەمەنی هەرزەکاری کاریان پێدەکەن لە سەنتەری لادێکان و کاری کشتوکاڵیان پێدەکەن، بەتایبەت ئەوانەی کە تەمەنیان سەروی ٨ ساڵانە لەگەڵ باوکیان کاردەکەن.

هاوکات، شیرین مەحمود، بەڕێوبەری لانەی منداڵان لە گەرمیان دەڵێت: لە گەرمیان کارکردنی منداڵان هەیە لە شوێنە جیاوازەکان و وەکپێویست حکومەتی کاری لەسەر نەکردوە.

دەشڵێت: ئەوەی هەیە لە ئێستادا ئەنجومەنێک دروستکراوە بۆ پاراستنی منداڵان کە کار لە سەر منداڵانی سەرشەقام و ترافیک لایتەکان دەکەن کە کاردەکەن و هۆکاری کارکردنیان چیە.

«لە نێو خێزانەکان بەهۆی بارودۆخی کۆمەڵایەتیەوە منداڵ بەکارهێنراوە بۆ کارکردن ئەمە یەکێکە لە کێشە گەورەکان و ڕۆژانەش دەبینرێت و حاڵەتی لەوشێوەیەمان هەیە«. حەیدەر فازڵ، بەڕێوبەری نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان وای وت.

وتیشی: ئێستا بابەتێکی دیکە هاتوەتە ئاراوە ئەویش بازرگانی کردنە بە مرۆڤەوە و لە نێویشیاندا منداڵ هەیە، ئەگەرچی دیاری نەکراوە کە چەند حاڵەتە، بەتایبەت ساڵی رابردو ١٧ حاڵەتی بازرگانیکردن بە مرۆڤ تۆمارکراوە.

جەختی لەوەشکردەوە: ئێمە ئەزمونی ئەوەمان هەیە خێزانی وا هەبوە دانیشتوی کەلار بوە لە ماوەی یەک ساڵدا ٣ منداڵی خۆی فرۆشتوە و روبەڕوی دادگا کراونەتەوە.

هاوکات، عەدنان محەمەد، سەرۆکی لقی گەرمیانی سەندیکای کرێکارانی کوردستان دەڵێت: بابەتی کارکردنی منداڵان پەیوەندی بە ئێمەوە نیە و هیچ داتایەکی منداڵانی ئیشکەرمان لە لا دەست ناکەوێت.

## ٢. لە ڕێگەی داواکاری گشتی گەرمیانەوە کار لەسەر کەیسەکانی منداڵانی ئیشکەر دەکرێت

دۆسیەکانی پەیوەست بە بازرگانی کردن و کارکردنی منداڵانەوە لە ڕێگەی داواکاری گشتی گەرمیانەوە کاری لەسەردەکرێت، بەڕێوبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتی سنورەکەش دەڵێت: چەندین کەیسمان هەبوە و داومانە بە داواکاری گشتی.

ژیلوان عادل، بەڕێوبەری گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان دەڵێت: لە ڕێگەی داواکاری گشتی گەرمیانەوە کار لەسەر ئەوە دەکەین ئەو منداڵانەی کە ئیش دەکەن لە ترافیکەکاندا، چونکە هەندێکجار گومانی ئەوەمان هەبوە کە ئەمانە باندبن و کار بەو منداڵانە بکەن و بازرگانیان پێوەبکرێت، بۆ ئەوەی ڕێکاری یاسایی بگرینەبەر و ئیجرائاتیان لەگەڵ بکەین.

وتیشی: بە نوسراوی فەرمی لە ڕێگەی داواکاری گشتی و ئاسایشی گەرمیانەوە نوسراو ئاراستەی تەواوی بازگەکانی گەرمیان کراوە کە ئەم حاڵەتانە ڕێگەپێدراو نیە، چونکە نمونەی ئەوەمان هەیە منداڵ هەبوە لەلای پوری ماوەتەوە کە دایک و باوکی نەماوە ئیشیان پێکردوە و پارەکەیان داوەتەوە بە قەرزی دایک و باوکی.

جەختی لەوەشکردەوە: چەند حاڵەتێکمان هەبوە داومانەتە داواکاری گشتی و روبەڕوی دادگا کراونەتەوە.

## ٣. لیژنەی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر منداڵانی ئیشکەر دروستکراوە

لەسەر ڕاسپاردەی ڕێکخراوی یونسێف لە پرۆژەی پاراستنی منداڵان ئەنجومەنێک دروستکراوە کە لە لایەنە پەیوەندیدارەکان پێکهاتوە بۆ پاراستنی منداڵان، بۆ ئەو مەبەستەش لیژنەیەک دروستکراوە.

عەلی محەمەد حەسەن، سەرۆکی لیژنەی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر منداڵانی ئیشکەر لە ترافیکەکاندا لە بەڕێوبەرایەتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان باس لەوە دەکات: لە پرۆژەی پاراستنی مافەکانی منداڵان لەگەڵ ڕێکخراوی یونسێف یەکێک لە خاڵەکان کە زیادکرا دروستکردنی بوردێکی تایبەت بۆ پاراستنی منداڵان لە ئیدارەی گەرمیان دروستبکرێت کە هەمو لایەنە پەیوەندیدارەکانی پەیوەست بە منداڵان بەشداری ئەو ئەنجومەن بکەن، ئەوەبو ئەنجومەنەکە دروستکرا.

وتیشی: لە یەکەم کۆبونەوەی ئەنجومەنەکە بڕیاردرا لیژنەیەک دروستبکرێت لە کۆی لایەنەکان بۆ بەدواداچونکردنی منداڵانی ئیشکەر لە ترافیکەکانی کەلار و گەرمیان، ئەوەبو لیژنەکە دروستکراوە و دەرچونمان هەبوە و زۆرکارمان کردوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ئەو منداڵانەی کە ئیش دەکەن تاوەکو ئێستا زانیاریمان لەسەر ٢٤ منداڵ کۆکردوەتەوە کە کاردەکەن.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: لە ئێستادا تەنها زانیاریمان وەرگرتوە هۆکاری ئیشکردنیان بۆچی دەگەڕێتەوە بۆمان دەرکەوتوە کە ئەمانە باندنین کە کاردەکەن، ئەمەش لە ڕێگەی فۆرمێکی تایبەتمەندەوە زانیاریمان لە منداڵەکان وەرگرتوە و دواتر توێژەرەکانمان سەردانی خێزانەکانیان کردوە، ئەم بابەتەش بە داخراوی کاری لەسەر دەکەین، دواتر پلانمانی دیکەمان دەبێت بۆ ئەو منداڵانە.

بەپێی وتەی سەرۆکی ئەو لیژنەیە، ئەم ئەنجومەنە کە لە لایەنە پەیوەندیدارەکان دروستکراوە، هەر بابەتێک پرسی ڕۆژبێت و پەیوەست بێت بە پاراستمی منداڵانەوە کاری لەسەردەکەین، بەڵام لە ئێستادا تەنها کار لەسەر منداڵانی ئیشکەر دەکەین، ئەمە جگە لەوەی ئێمە کۆمەڵێک سەنتەرمان هەیە کە کاری خۆیان دەکەن و چالاکی جۆراوجۆریان هەیە.

## بەشی دووەم: دەرەنجام و ڕاسپاردەکان

### یەکەم: دەرەنجامەکان

- بەشێوەیەکی گشتی دۆخی مافەکانی منداڵان لە گەرمیان لانیکەم لەو چوار بوارەی دیارییکراوە، باش نییە، هەڵسەنگاندنی چالاکوانان ئەوەیە کە خراپە. ئەمەش کۆمەڵێک هۆکاری هەیە، لەلایەک لایەنی کەلتوریی و کۆمەڵایەتی و خێزانییە کە هێشتا منداڵ و مافی منداڵ ئەو جێگە گرنگەی نەگرتوە، لەلایەکی دیکەشەوە حکومەتە کە وەکپێویست گرنگی بەم بوارە نەداوە و زۆر کەلێن و کێشە لە دەزگا حکومییەکانی پەیوەست بە مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵاندا هەیەوە.

- دۆخەکە بۆ منداڵانی خاوەنپێداویستی تایبەت سەختترە، ئەگەر منداڵانی جەستە و مێشک و دەروون تەندروست کێشەیان هەبێت، ئەوا منداڵانی خاوەنپێداویستی تایبەت چەندین بار زیاتر.

- هەر پەیوەست بە بەش «فئە» و توێژەکانی منداڵان، دۆخی خزمەتگوزاریی و پاراستنی ماف و گرنگیدان بە منداڵان لە لادێکان خراپترە بەراورد بە شارەکان.

- یەکێک لە گەورەترین کێشەکانی منداڵان، بونی توندوتیژییە بە رامبەریان بە هەمو جۆرەکانییەوە، بەڵام ئەوەی مایەی تێبینییە کە هیچ ئامارێکی ورد لەمبارەیەوە نییە، بەڵکو توندوتیژی بەتایبەتی «لێدان و توندوتیژی زارەکی بەناوی تەمبێکردنەوە» بە حاڵەتی ئاسایی لە کۆمەڵگادا تەماشا دەکرێن، رەنگە هەر ئەمەش هۆکاربێت بۆ نەبونی ئامار و داتای ورد لەوبارەوە.

- حکومەت چەندین دەزگای هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵاندا، بەشێک لەمانە بە تەواوی تایبەتن بە منداڵان، بەشێکی تریشیان لەنێو کەیس و بوار و توێژەکانی دیکەدا مامەڵە لەگەڵ منداڵاندا دەکەن.

- لەبواری پەروەردەدا منداڵان بەوهۆیەی زیاتر بەرکەوتنیان لەگەڵ ئەم بوارەدا هەیە، زیاتر لەوێدا پێشێلکارییان بەرامبەر دەکرێت، پێشێلکارییەکانیش بەشێکیان پەیوەستە بە ژێرخانی ناوەندە پەروەردەییەکان، بەشێکی دیکە بە لایەنی مرۆیی و مامەڵەی ستاف و بەرپرسانی ناوەند و بوارەکەوە.

- هەر لە بواری پەروەردەدا ئالەنگارییەک کە روبەڕوی بوارەکە دەبێتەوە کە هاوکات مەترسیە بۆ ئایندەی کۆمەڵگاش، دابڕینی منداڵانە لە خوێندن بە پاساوی جۆراوجۆر، ئەم حاڵەتەش بەهۆکار و پاساوی نەبونی قوتابخانەوە لە گوندەکاندا زیاترە.

- کارکردنی منداڵان یەکێکی دیکەیە لە حاڵەت و دیاردە بەرچاوەکان، ئەگەرچی حکومەت لیژنەی لەسەر ئاستی گەرمیان بۆ بەدواداچونی ئەم پرسە پێکهێناوە، بەڵام نەیتوانیوە چارەسەری بکات.

- پەیوەست بە کارکردنی منداڵانەوە، حاڵەتێکی دیکەی مەترسیدار هەیە، ئەویش ناچارکردنی منداڵانە بە کارکردن و سواڵکردن، کە چەندین حاڵەتی هاوشێوە لە سنورەکەدا تۆمار کراوە.

* ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:
١. زریان محەمەد
٢. پەرژین کامەران

بۆ پەیوەندی
٠٧٧٠١٩٢٣٦٦٢ - ٠٧٧٤٠٨٧٨١٥٣
Radiodeng@yahoo.com
yakaychawderigarmyan@gmail.com
www.radiodeng.net

## دوەم: ڕاسپاردەکان

١. ئەوەی کە بە رونی دەبینرێت، ئەوەیە کە پرسی منداڵ نەبوە بە خەمێکی گشتی، نە خەڵک و نەحکومەتیش ئەو گرنگییەی پێویستە پێی نادەن، ئەمەش بۆ هۆشیاری کۆمەڵایەتی و سیاسی دەگەڕێتەوە کە دۆسیە و پرسی تر لە پێش منداڵاندا دادەنێن.

٢. مامەڵەی حکومەت لەگەڵ پرسی منداڵاندا لە چەند ئاستێکدایە، ئاستی پەروەردە، ئاستی دادگا و دەزگا جێبەجێکارە ئەمنییەکان، ئاستی کۆمەڵایەتی، ئاستی رۆشنبیری و هونەریی و...هتد. لەم بوارانەدا کەم و زۆر دامودەزگا هەن، بەڵام ئەوەی کە نییە بونی دەزگای چاودێرە بەسەر پرسی مافەکانی منداڵان و داتاکردن و تۆمارکردنیان.

٣. حکومەت ژمارەیەک سەنتەری هەن بۆ بەرەودان بە توانا و خولیاکانی منداڵان، بەڵام ئەم سەنتەرانە وەکو ژمارە کەمن و کێشەی جۆراوجۆریشیان هەیە، هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا منداڵان زۆر پێیان ئاشنا نین. بۆیە گرنگە زانیاریی ئەوتۆ لەبارەی ئەو سەنتەرانە و کار و ئامانجەکانیانەوە بڵاوبکرێتەوە کە ببێتە مایەی ئەوەی منداڵان لەکاتە پشوەکانیاندا سەردانیان بکەن.

٤. بونی ئەنجومەنێک بۆ بەدواداچونی پرسی مافەکانی منداڵان زۆر کارێکی گرنگە، بەڵام ئەوەی وادەکات هەنگاوەکە گرنگتر بێت، هەنگاونانی کردەییە، بۆ ئەمەش دەبێت ئەو ئەنجومەنە جیدیی بێت و هەنگاوی گونجاو بۆ چارەسەری کێشەکانی پەیوەست بە منداڵان بنێت، هاوکات ئەنجومەنەکە بازنەی کارەکانی فراوان بکات و بتوانێت کۆمەڵی مەدەنیش بەشداریی پێبکات بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە و ئاستەنگیانەی پەیوەست بە مافەکانی منداڵانەوە هەن لە ناوچەکەدا.

٥. بواری پەروەردە بناغەییترین بوارە پەیوەست بە مافەکانی منداڵانەوە، تەنانەت دەتوانێت کاریگەریشی لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی و خێزانی منداڵانەوە هەبێت، بۆ ئەمەش پێویستە ئەم بوارە گرنگیی زۆری پێبدرێت و قوتابخانەکان ببن بە ناوەندی پەروەردە نەک وەک ئەوەی ئێستا هەن و بە زۆری بون بە ناوەندی خوێندن و فێرکردن ئەویش بەو تێبینییانەشی کە لەم روەوە هەیە.

٦. پێویستە حکومەت پێداچونەوە بکات بەو ئالیەت و رێکارانەی هەیەتی و لەرێگەیەوە لەگەڵ منداڵانی خاوەنپێداویستی تایبەتدا مامەڵە دەکات، واشبکات رێکاری نوێی وەها دابنێت کە ئاسانکاریی زۆر بۆ ئەم توێژە بکات بەتایبەتی لە لایەنی پەروەردەوە.

٧. پێویستە ئالیەتی گونجاو بدۆزرێتەوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ تۆمارکردن و بەدواداچونکردنی توندوتیژی و پێشێلکارییەکان بەرامبەر بە منداڵان و گرتنەبەری رێکاری گونجاو لەلایەن لایەنە دادوەریی و فەرمییەکانەوە، چونکە ئەو رێکارانەی ئێستا هەن کارا نین و پێناچێت هیچ لە دۆخەکە بگۆڕن بە ئاقارێکی باشدا، بۆ ئەم مەبەستەش گرنگە کۆنفرانس و وۆرکشۆپی تایبەت رێکبخرێت.

٨. منداڵانی گوندنشین لە زۆر ئاست و روەوە بێبەشن، پێویستە حکومەت ئەم خاڵە بەهەند وەربگرێت و هەوڵبدات بەشێک لەو چالاکی و خزمەتگوزارییانەی بۆ منداڵانی شارەکان پێشکەشی دەکات، بگەیەنێت بەوانیش.

٩. رێگریکردن لە کارکردنی منداڵان شەرمنانە ئەنجام دەدرێت، لەکاتێکدا بەشێکی ئەو کارکردنانە بە ناچارییە و تەنانەت سەردەکێشێت بۆ بێگاریی، بۆیە گرنگە حکومەت لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم دۆسیەیەدا بەتایبەتی لەو روەوە پەیوەندی هەیە بە ئیستغلالکردنی منداڵانەوە، رێکاری توند بگرێتە بەر.

١٠. پێویستە حکومەت ئەو دامودەزگا و بەشانە بکاتەوە کە پەیوەستن بە پاراستنی مافەکانی منداڵانەوە، لەوانە کردنەوەی بنکەی تایبەتی پۆلیس، هەروەها کردنەوەی خانەی داڵدەدان لەکاتی بونی هەڕەشە و توندوتیژی بۆ سەر ژیانی منداڵان.

١١. گرنگە دەزگایەکی تایبەت هەبێت بۆ تۆمار و چاودێری و هەڵسەنگاندنی دۆخی منداڵان و مافەکانیان، یاخود لایەنێکی حکومی بە هاوکاری کۆمەڵی مەدەنی و ئاژانس و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان رابسپێرێن بۆ ئەم مەبەستە و کۆکردنەوەی داتا و ئاماری ورد لەبارەی دۆخی منداڵان و دواتر گرتنەبەری هەنگاوی پێویست بۆ باشکردنی دۆخیان.